# نیما ئەحرار

وەرگێران: عوسمان – م

## بۆ ئەوانەی کە لاتان بەنرخن

باشترین دۆست ئەو دۆستەیە کە بتوانی لەگەڵی لەسەر سەکۆیەک بیدەنگ دانیشی و هیچ نەڵێی و کاتێک لێی دور دەکەویتەوە هەست بکەی کە باشترین وتووێژی تەواوی تەمەنت بوە.

ئێمە بەراستی تاکو شتێک لەدەست نەدەین قەدری نازانین. بەڵام لە هەمان کاتدا تا دوبارە شتێک وەدەست نەهێنین نازانین چیمان لەدەست داوە.

ئەوەیکە تەواوی عەشقت بدەی بە کەسێک، بریار ئەوە نییە کە ئەویش هەر ئەم کارە بکا. کەوایە چاوەروانی عەشقی بەرانبەر نەبی، تەنیا چاوەروان بە تا ئەوەیکە عەشق ئارام لە دڵیدا گەشە بکا و ئەگەر وا نەبوو خۆشحاڵ بە کە لە دڵی تۆدا گەشەی کردوە.

لە ماوەی یەک دەقیقە دا دەکرێ کەسێک تێک بشکێنی، لە سەعاتێک دا دەکرێ کەسێکت خۆش بوێ و لە رۆژێک دا دەکرێ عاشق بی، بەڵام تەمەنێکی دورودرێژ دەخایەنێت تا کەسێک فەراموش بکرێ.

وەدوای نیگاکان مەکەوە چونکە ئەتوانن فریوت بدەن، دوای سامان مەکەوە چون بەرەبەرە کەم دەکا، دوای کەسێک بکەوە ببێتە هۆی ئەوەکە پێبکەنی. چونکە تەنیا بە خەندەیەک دەکرێ رۆژی رەش روناک بکرێ. کەسێک پەیدا بکە کە شادت بکا. چەند دەقیقەیەک لە ژیاندا هەن کە دڵت بۆ کەسێک هێندە تەنگ دەبێ کە دەتەوێ لە خولیات دا بیکێشیتە دەرەوە و لە دنیای راستەقینە دا لە باوەشی بگری.

خولیایەک ببینە کە دەتەوێ، بۆ جێگایەک بچۆ کە پێت خۆشە، ئەو شتەی بە کە دەتەوێ ببی، چونکە تەنیا یەک گیانت هەیە و یەک بەخت بۆ ئەوەیکە هەرچیکت پێ خۆش بێ ئەنجامی بدەی.

ئاواتە خوازم بە رادەی پێویست شادیت هەبێ تا خۆش بی، بە قەدەر پێویست تێبکۆشی تا بە هێز بی، بەقەدەر پیویست خەمت هەبێ تا وەک ئینسانێک بمێنیتەوە و بە رادەی پێویست ئومید تا خۆشحاڵ بی.

هەمیشە خۆت لە جێگەی خەڵکیتر دابنە ئەگەر هەست دەکەی شتێک ئازارت ئەدا، لەوانەیە کەسانیتریش ئازار بدا. شادترین کەسەکان بە پێی پیویست باشترین شتەکانیان نییە، ئەوان لەوەیکە لە رێگایاندا هەیە باشترین کەڵک وەر دەگرن. شادی بۆ ئەوانەی کە دەگرین و یان زیان دەبینن، بۆ ئەوانەی کە بە دوایدا دەگەرێن و بۆ ئەوانەی کە تاقی دەکەنەوە زیندوە، چونکە تەنیا ئەمانەن کە گرنگی خەڵکیتر لە ژیانیاندا دەرک دەکەن.

عەشق بە خەندەیەک دەست پێدەکا، بە ماچێک گەشە دەکا و بە فرمێسک کۆتایی پێ دێ.
رونترین داهاتو هەمیشە لەسەر رابوردوی لەبیر کراو پێک دێ، ناکرێ تا کاتێک کە ئازارەکان و رەنجەکانت فرێ نەداوە ژیان بە دروستی ببەیتە پێش.
کاتێک هاتیتە دنیا تۆ تەنیا کەسێک بوی کە دەگریای و ئەوانیتر پیدەکەنین، هەوڵ بدە جۆرێک بژیت کاتێک کە ڕۆشتی تەنیا تۆ پێبکەنی و ئەوانیتر بگرین.